www.kurdistannet.org
15-2-2007 14:55 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هۆ لەیلا کەم ... سەرکێو

هەرچەند دوری بەس دەزانم
لەدوره وه لێم تێدەگەیت
خۆشەویستم چی بوو وای کرد
دوای سوتانم لێم برەنجێیت؟
ئازیزەکەم دلنیابە
چاوەکانم تامزرۆیە
بۆشەوێکی ئەرخەوانی بینینی تۆ
لێوەکانم تامەزرۆیە
بۆماچێکی سەر لێوانی ناسکی تۆ
ئازیزەکەم لەیادت دێت
بەبێ بینین خۆشم ویستیت
لەدوره شەیدای تۆ بووم
هەربەنوسین خۆشم ویستیت
وەک پەروانە باڵی هۆنراوەم ئەسوتان بەلاتەوە
لەدورەوە شەمی هۆنراوەم ئەژیان لەساتەوە
لەیادێت پێم ئەوتیت
من مەجنونی شرینی تۆم
دڵنیابە ئێستاش هەر هەمان مەجنونم
لەرۆژی خۆشەویستیدا
یەک ئینجانە گوڵی سورت بۆ ئەنێرم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.